فیلمی ڕەنگی خوا

فیلمی ڕەنگی خوا یەکێکە لە فیلمە بەناوبانگەکانی دەرهێنەری ئێرانی مەجیدی مەجیدی، کە لەساڵی ١٩٩٩ دا بەرهەمهێنراوە

" To be or not to be, that is the question"

Hamlet by William Shakespeare

سەروەر محیەدین

محەمەد: ئێرە چییە؟

باوك: درەخت، دارستان

محەمەد: ئەو دور دورە چییە؟

باوك: هەر دارستان (دیسان دارستان)

دەرهاویشتە و لێکدانەوەی فیلم:

لە دیمەنی یەکەمی فیلمەکەدا بۆمان دەردەکەوێت، کە چیرۆکی فیلمەکە باس لە منالێك (محەمەد)ی نابینادەکات، کە لەیەکێك لە قوتابخانەکانی شاردا، دوور لە لادێکەیان و لەناو جەنجاڵی دادەخوێنێت، قوتابخانەکە تایبەتە بە نابیناکان، فیلمەکە لە قوتابخانەکەی محمەدەوە دەستپێدەکات و محەمەد دەیەوێت بۆ پشووی هاوین بگەڕێتەوە بۆ لادێ پڕ لە ڕەنگ و سروشتە سەوزەکەیان، لە دیمەن و دیالۆگەکاندا خویایە کە لەسەروبەندی کۆتایی ساڵدایە و قوتابیەکان خۆئامادەدەکەن و کەلوپەلەکانیان جیادەکەنەوە، و نزیکبوونەوەی هاتنی باوك و دایکی قوتابییەکانە، دەبینین کە مامۆستاکەیان کاسێتە دەنگیەکانیان کە تێکەڵبووە بۆیان جیادەکاتەوەو یەکەیەکە ئەیانداتەوە، هەریەکەیان بە گوێگرتنی کاسێتەکان هی خۆیان ئەناسنەوە، دەنگییێکی لاواز، بەڵام پرسۆزی پیرەژنێك دەبیسترێت، کە لایلایە بۆ محەمەد دەکات لەم کاتەدا محەمەد بەمامۆستاکەی دەڵێت کە ئەوە کاسێتی ئەوەو ئەو دەنگەش نەنکێتی، هەر لەسەرەتاوە مەجیدی مەجیدی ئەیەوێت پێمانبڵێت، محەمەد دایکی نەماوەو نەنکی بەخێوی دەکات، دوایی خوێندنی دوا وانەیان کە وانەی نووسینە مامۆستاکەیان دەربارەی ڕووناکی پێیان ئەنوسێتەوە (خۆر زەوی ڕووناکدەکاتەوە ..) دواتر، لەدوایی ئەوەی هەموو قوتابیەکانی هاوڕێی باوك و دایکیان دێن بەدوایاندا و دەڕۆن، محەمەد تەنیا ئەمێنێتەوە لەسەر یەکێك لە کورسیەکانی قوتابخانەکەی چاوەڕوانی هاتنی باوکی دەکات، کەبیباتەوە بۆ لادێکەیان ، دەنگی چۆلەکە و کەوتنە خوارەوەی بەچکە چۆلەکەیەك و نزیك بوونەوەی پشیلەیەك، محەمەد لەچاوەڕوانی باوکی ڕائەچڵەکێنێت و بەرەو ڕووی بەچکە چۆلەکەکە دەڕوات و دەگەڕێت بەدوایدا، بۆئەوەی بیگەڕێنێتەوە هێلانەکەی خۆی کە لەسەردارەکەیەو کەوتۆتە خوارەوە، تا لە چنگی پشیلەکە ڕزگاریبکات.

یەکەم شەرحی ئاڵۆزی دەروونی باوکەکە لەناو ئەو دیالۆگە کورتەدا دەردەکەوێت، کە محەمەد و باوکی لە ناو پاسەکەدا دەکەین، کاتێك بەرەو لادێکەی خۆیان دەگەڕێنەوە، محەمەد دەپرسێت لە باوکی:

محەمەد: ئێرە چییە؟

باوك: درەخت، دارستان

محەمەد: ئەو دور دورەچییە؟

باوك: هەر دارستان (دیسان جەنگەڵ)

محەمەد هاوکات لەگەڵ پرسیارکردنەکەی لە باوکی پەنجەی لە جامی پاسەکەدەدات و لێرەشدا هەوڵدەدات بگەڕێت بەدوای شتەکاندا، و تۆنی دەنگ و شێوە پرسیاری محەمەد، وەك هەر منداڵێکی تر پڕە لە تامەزرۆیی زانین و گەڕان بەدوای ئەو شتانەی، کە بۆ ئەو تازەن و هیچیان دەربارە نازانێت، بەڵام وەڵامەکەی باوکی محەمەد کە دەڵێ: (دارستان...هەر دارستان)، باوکی محەمەد لێرەدا تەنیا وەڵامێکی سادە ناداتەوە بە محەمەد، کە بزانێت لەو دوو ردەستە جەنگەڵێك هەیە، بەڵکو لەرێگەی پەشۆکاوی و تەمتومان و کێشمەکێشی دەروونە وێرانەکەی و لە جۆری دەربڕینی وەڵامەکە و ماتی و شێواوی کە لەدەمووچاوی بەرجەستەدەکرێت، بینەر بەرەو شوێنە شاراوەکانی مانای جەنگەڵ دەبات، شوێنگەلێك کە بەئاسانی غەدر تێیدادەکرێت و

خۆویستەکانی بەشەر لەم "جەنگەڵ"ەدا، کە دەکرێت دەروونی مرۆڤەکە خۆی بێت دەتوانن تراژیدیا بەرەەمبێنن. دەتوانرێت لە جۆری دەربڕینی باوکەکەدا، جەنگەڵەکە وەك شوێنێك کە لە دەرووونی مرۆڤدا، کە سەرقاڵی شەرکردنە لەگەڵ "خود" بۆ پێشگرتن لە تراژیدیا، کە جارگەلێك مرۆڤ بۆ هەوڵی مانەوەی خۆی و خۆشبەختی خۆی دەیدات، لەم وەڵامەی ئەودا هاوکات قورسایی کێشە و نەهامەتیەکانی باوکی و هاوتەریب ترسێکی زۆر و بەتاڵاییەك لە دەروونی باوکدا بەرجەستەکراوە، جەنگەڵە دوردەستەکە وەك دەروون و خەیاڵی باوکی محەمەد هەڵگری رووداوگەلێکە کە بۆنی غەدر و ترس و تراژیدیای لێدێت. هێندێك شت لەناو جەنگەڵدا روودەدەن، کە شاراوەن و ئێمە نازانین کەی و چۆن روودەدەن، وەك دەروونی مرۆڤەکان کە ئێمە زۆربەی کات نازانین چیان لەهەگبەدایە.

مەجیدی مەجیدی لە ڕێگایی پیشاندانی ئەم چەند دیمەنەی سەرەتایی فیلمەکەیەوە کۆمەڵێك زانیاری سەرەتایی لەسەر محەمەد دەدات بە بینەر، بۆ نموونە بینەر زوو تێدەگات، کە محەمەد دایکی نییە و نابینایە و ترسی لەدەستدانی ئەو ماڵەی هەیە کە لە لادێکەیان هەیانە و ئەو زۆر دڵی پێخۆشە، هاوکات هەڵبژاردنی رستەیەکی وەك (خۆر زەوی رووناکدەکاتەوە) بەرکەوتنی یەکەم و هەرەبەهێزی بینەرە، لەگەڵ لایەنی دەروونی تێکپڕژاوی محەمەد وەك نابینایەك، دەرهێنەر زۆر بە وەستایانە هەموو هەست و نەستی بینەر رادەکێشێت و هاوکات هەر لەسەرەتاوە بینای شەخسیەتی محەمەدی نابینادەکات، هاوتەریب لەگەڵ ئەمەش هەوڵی محەمەد بۆئەوەی بەچکە چۆلەکەکە بگێڕێتەوە بۆ ناو هێلانەکەی نیشاندانی دیوە شاراوەکەی ترسی محەمەدە، لەوەی کە باوکی نەیەتبەدوایدا و هەڵوەدا و سەرگەردان بێت، ئەم ترسە زۆر بە جوانی و وەستایانە خزێنراوەتە رەفتار و جوڵە و بێدەنگیەکانی ئەم دیمەنە، ئەم ترس و دڵەراوکێیەی محەمەد لەوەی کە بەتەنیا بمێنێتەوە و دووربخرێتەوە لە باوەشی خێزانەکەی، کە تەنیا دڵخۆشی و پەنای ئەون، هاوتەریبە لەگەڵ هەوڵەکانی باوکی محەمەد، کە هەر لەسەرەتاوە بینەر بۆی دەردەکەوێت، کە ئەو باوکە حەز ناکات محەمەد لێی نزیك بێت و هەوڵی دورخستنەوەی ئەدات، تەنانەت دەغدەغەی ئەوەی کە لەناوی بەرێت بیرکردنەوەی باوکی محەمەد داگیردەکات، ئەمەش هەمووی لەپێناوی ئەوەی کە بتوانێت ژن بەێنێتەوە و محەمەد وەك بەربەستێك بۆ ژیانی خۆی دەبینێت، هەربۆیە لەسەرەتادا داوا لە مامۆستاکانی محەمەد دەکات، کە لەلای خۆیان گلیبەنەوە و بەخێویبکەن، جگە لەمەش دواتر لەگەڕانەوەی بۆ لادێکەیان ئەیەوێت لەناوی بەرێت، پاشانیش داوا لە وەستایەکی دارتاشی نابینادەکات کە بیکات بە شاگرد لای خۆی و هەرلەوێش بژی، بۆئەوەی خۆی بتوانێت ژن بەێنێت و کەس پێی نەڵێت کە کوڕێکی کوێری هەیە نەبادا قوبڵیان نەبێت، بۆیە کاتێك باوکی ئەیباتە لای دارتاشەکە و لەوێ بەجێیدێڵێت محەمەد ئەگری و گفتوگۆی خۆی و مامۆستاکەی بۆ وەستای دارتاشەکە ئەگێڕێتەوە.

ڕەنگی خوا چیرۆکی بینین و نەبینینە، چیرۆکی دەستەکانی محەمەد کە ئەبینن و چاوەکانی کە نابینن، چیرۆکی گەڕان بەدوای خوا، لەڕێگای گەڕانی پەنجەکانی محەمەدەوە بەناو سروشتدا، مەجیدی مەجیدی وەك شایەتحاڵێك کە بەردەوام بەدوایی محەمەدەوە و لەچاوی ئەوەوە چیرۆکێکی ڕاستەقینەمان پیشاندەدات و بۆماندەگێڕێتەوە ، بەڵام نەك لە "دووچاوەئاسای "یەکانی محەمەدەوە، بەڵکو لە "چاوی دڵی" محەمەدەوە، دەتوانین بڵێین چیرۆکی ئەم فیلمەباس لە پەیوەندی محەمەدی نابینای هەستیار دەکات، لەگەڵ سروشتدا و گەڕانی بەدوای خوادا، یەکێك لە دیمەنە هەرجوانەکان کە تێیدا سروشتێکی جوان و دووردەست لە شوێن و مەکانی "ئەوانی تر" کە چاوساغەکانن، شوێنی پیاوە دارتاشە نابیناکەیە، باوکی محەمەد دەیەوێت محەمەد لەخۆی دووربخاتەوە و فێربوونی دارتاشیش بیانوویەکی باش بوو بۆ ئەو، چونکە ئیتر محەمەد دەبێت

لەوێ بژی. محەمەد ئەمە دەزانێت، هەموو غەمگینییەکانیشی بۆ ئەمەیە، ئەم شوێنە پڕە لە نزیکایەتی لە رۆحی سروشت، دار و ئاو و گژو گیا و با و دەنگە دەنگی باڵندەکان و جوڵەی گەڵاکان و خوڕەی ئاوەکە هەژمونی زاڵن لە گرتەکەدا، تەنانەت دیالۆگی هەرە بەهێز و بەرز لەم شوێنەدایە کە دارتاشەکە یەکەم وانەی دارتاشی فێری محەمەد دەکات، گریانی بەکوڵی تێکەڵ بە دەنگەکانی سروشت دەبێت، گەڕانی محەمەد وەك مامۆستاکەی پێیدەڵێت بەدەستلێدانە، کاتێك فرمێسکەکانی دێنەخوارەوە دیالۆگی خۆی و مامۆستاکەی بۆ وەستای دارتاشەکەی دەگێڕێتەوە: (محەمەد: خوا ئێمەی خۆشناوێت. مامۆستا: خوا نابیناکانی زیاتر خۆشدەوێت. محەمەد: ئەگەر خوا ئێمەی خۆشبویستایە نابینای نەئەکردین بۆئەوەی ببینین. مامۆستا: خوا نابینرێت خوا هەستی پێدەکرێت ئەو لەهەموو شوێنێك هەیەبەدەستەکانت بەدوایدا بگەڕێ، ئەتوانی بەدەست ببینیت. محەمەد: من هەموو شوێنێك ئەگەڕێم تا دەستم بەریدەکەوێت و ببینم، بۆئەوەی هەموو شتێکی پێبڵێم، تەنانەت هەموو ئەوەی کە لەدڵیشمایە)، ئەم دیالۆگە ئاستی هەرەبەرزی پڕ لە گرێوگۆڵی دەروونی مناڵێکی نابینایەو هەوڵە سادە و پاکەکانییەتی بۆ گەیشتن بە خوا، بۆئەوەی شەرحی حاڵی خۆی بۆ بکات. ئەم دیمەن و دیالۆگە ئەوەندە خۆرسك و رەسەن و سادەیە، کە لە بیرەوەری هەموو جۆرە بینەرێکدا تا ئەبەد دەمێنێتەوە، ئەم دیالۆگە لەبەرئەوە گرنگ نییە کە پرسێکی دێرینەی فەلسەفی و باوەڕی دینی دەوروژێنێت، بەڵکو لەبەرئەوەیە کە زۆر خۆرسکانە دەردی دڵی مناڵێکی نابینا و جیهانبینی و هەوڵەکانی ئەم مناڵە بۆ گەیشتن بەخوا بەرجەستەکراوە، "چی وتن" گرنگە، بەڵام گرنگتر لەمە دیلۆز وتەنی "چۆن وتن"ە، بەتایبەت لەجیهانی سینەمادا، لە رێگەی پەنجەکانی محەمەدەوە بەردەوام بینەر بە گەڕان بەدوای جوانیدا دەکەوێت، بەجۆرێك بەرجەستەی ئەم گەڕانە دەکرێت، کەلەهەموو بەرکەوت دەستلێدانەکانی محەمەد وا هەستدەکات، بینەر محەمەد لەدەستکوتانەکان و دەستلێدانەکانی دەیەوێت خوا بدۆزێتەوە لەناو هەموو جوانییەکاندا، بۆ نموونە: محەمەد هەمیشە دەستلێدانەکانی بۆ قسەکردن و جواناسی دەرونیێتی نەك وەك نابینایەکی ئاسایی، بیەوێت بزانێت لەکوێیەو چی لەبەر ڕێیدایە، یان شتەکانی دەوروپشتی چین، بەڵکو لە چۆنییەتی دەوروبەری دەگەڕێت، دەستەکانی دەگێڕێت و کامێرا و گۆشەنیگاکانی زۆر ئاشنان بە شوێن وەك ئەوەی لە زۆربەی دیمەنەکانیدا ئێمە هەست بە چاوی خودی کامێرا ناکەین، هێندەی چاوی کارەکتەرەکان POV وەك ئەو دیمەنەی کەمحەمەد بەناو باخەکەدا دەڕوات، دەستدێنێت بەسەر سەوزاییەکاندا، کە ئەم دیمەنە لێکدراو و تەواوکەری هەمان دیالۆگە کە مامۆستاکەی پێیوتووە (دەتوانیت خوا بەدەستەکانت ببینیت..) بۆیە بەرجەستەکردنی ئەم دیمەنە، تەنها وەك دەستلێدان لە سەوزایی نییە لەلایەن محەمەدی نابیناوە، بەڵکو بەرکەوتەیەك و هەوڵێکی محەمەدە بۆ گەڕان بەدوایی خوا و جوانیدایە (دیمەنی دەستلێدانی لە بەچکەچۆلەکەکە، دیمەنی کردنەوەی دەستی لەهەوادا لەناو پاسەکەدا، دیمەنی دەستلێدانی لە دەمووچاوی خووشکەکەی، دیمەنی دەستگرتنی نەنکی، دیمەنی کاتێك لە قەراغ دەریاکە، یاری بە لمی دەریاکە دەکات، یان لەوکاتەی کە باوکی ئەیباتە لای وەستای دارتاشەکە، کە ئەویش نابینایە و دەست لە دەستی محەمەد ئەدات و پێیدەڵێت (چەند دەستێکی باشت هەن ، ئەم دەستانە پێمدەڵێن ئەتوانن کاری باش ئەنجامبدەن)، ئەم دیمەنانە هەموو دەتوانرێت وەك هەوڵی گەڕان و بەرکەوتنی محەمەد بێت بە جوانییەکان کە خواش وەکو جوانییەك هەستپێکرێت لای ئەو. لەگەڵ هەموو ئەم دیمەنە قووڵانەدا دەنگی باڵندەکان هەیە، بەتایبەت دەنگە تایبەتیەکەی ئەو باڵندەیی محەمەد لە تەنیاییەکان و ترس ، تەنانەت خۆشیەکانیشدا دێتەگوێی، ئەم تێچنی دەنگی باڵندەیە زۆر بە هۆشیارییەوە کراوە و گرێدراوییەکی زۆری بە دەروون و رۆحی محەمەدەوە هەیە، لەخۆڕا و بێ بیرلێکردنەوە نییە، دەستلێدان و لەمس

و جوڵەی پەنجەکانی بەردەوام و ئەم دەنگی باڵندەیە زۆرترین پانتایین، کە سەرنجی بینەر رادەکێشن. دەست نرخێکی سینەمایی "Cinematographic هەیە لە هەموو گرتەکاندا و مەجیدیی بە ئاگاییەکی زۆرەوە ئەم گرنگیەی بە دەستەکان داوە.

دوادیمەنی محەمەد و نەنکی (عەزیز) لەگەڵ خوشکەکەیدا کە جوانترین دیمەنی فیلمەکەی مەجیدییە، ئەو دیمەنەی کاتێك خەریکی کۆکردنەوەی هێلکەکانن، کامێرا زۆر نەرم و لەسەرخۆ وەك سەماکەرێکی بالی دیمەنەکە تۆمارەدەکات، بەجۆرێك دەستی خوشکە بچکۆلەکەی محەمەد پیشاندەدات، کاتێك هێلکەکە دەداتە دەستی محەمەد و ئەویش ئەیداتە دەستی نەنکی و نەنکیشی ئەیخاتەناو سەبەتەی هێلکەکانەوە، کە حەز بەتەواوبوونی دیمەنەکە ناکەیت، لەم دیمەنەدا هەست بە پەیوەندیەکی پڕ لەچێژ و خۆشی نێوان ئەم سێ مرۆڤانە دەکەیت، کە لەرێگای گواستنەوەی دیمەنی هێلکەکان بۆ بینەر دەگوێزرێتەوە، لەبەرئەوەی دەرهێنەر بەردەوام هەوڵی ئەوەی داوە، کە وێنەکان لە ڕوانگە و تێداژیانی محەمەدەوە بگوێزێتەوە بۆ بینەر، بۆیە

دیمەنەکان راستەوخۆ لەسەر بینەر ئاسەوار جێدێڵن و زۆر جار دەرهێنەر پێویستی بە دیالۆگ و قسەکردن نییە، بۆئەوەی بتوانێت چیرۆکەکە بگەیەنێت، دیمەن خۆی حیکایەتەکە دەگەیەنێت، دابڕانی محەمەد لە نەنکی دوای ئەم دیمەنەیە کاتێك نەنکی دەڕوات بۆ فرۆشتنی هێلکەکان محەمەد بەجێدێڵێت دوا داوایی محەمەد لە نەنکی ئەوەیە، کە ئەویش بچێت لەگەڵیدا دوای ئەوەی نەنکی ڕازی نابێت ، محەمەد وەك ئەوەی بزانێت تەنها دڵسۆز و خۆشەویستی عەزیزە(نەنکی) ، بۆیە پێیدەڵێیت (باشە بەس زوو وەرەوە)، ئاسایشی دەروونی محەمەد نەنکیەتی. بەڕۆشتنی عەزیز باوکی محەمەد وەك ئەوەی خۆیی مەڵسداوە تا عەزیز بڕوات و محەمەد دەبات بۆلای وەستای دارتاشەکە. لەم دیمەنەدا کە ڕووخساری باوکی محەمەد دەردەکەوێت، خاوەنی ئەو دەنگەی وەك گورگ ئاسا زوو زوو دەەات لە دەروونی باوکیدا ئێستا گورگەکە خۆیی دەرکەوت، کە خۆویستی باوکی محەمەدە. دیمەنی هاتنەوەی عەزیز دیمەنێکی ئێجگار کاریگەرە لەڕووی شوێن و دەنگ و ڕووناکی و نواندنی عەزیزەوە: بایەکی ترسناك هەڵدەکات و شوێن چۆڵ، گریانی عەزیز کامێرا لە پشتەوە جوڵەی شانەکانی عەزیزمان پیشاندەدات، کە ئەگری دەنگی با و دەنگی شەپۆلی دەریا، لە دوورەوە هەموو ئەمانە پێماندەڵێت عەزیز پەشیمانە لە بەجێهێشتنی محەمەد لە دیمەنی پێشوودا، تەنها هۆی مانەوەی عەزیز لە ماڵەکەدا بوونی محەمەد بوو، ئیدی ئەو باوکی دووری خستەوەو عەزیزیش دەبێت بڕوات. دەرهێنەر زۆر وەستایانە دیمەنی تەقینەوەی ئازارە دروونییەکانی محەمەد کاتێك بۆ وەستا دارتاشەکەی شەرحی دڵی و گلەییەکانی خۆی لەخوا بۆ ئەو دەکات، دەبەستێتەوە بە دیمەنی ماڵی باوکی محەمەد، کاتێك عەزیز دەیەوێت ماڵ بەجێبێڵێت، دیمەنگەلێکی غەریب و ترساو لە هی محەمەد بە دەنگی باکە و دەنگی باڵندەکان، هی نەنکیشی بە خوڕەی باران و تاریکی. نەنکی دوایی دابڕانی لە محەمەد بڕیاردەدات

دوا دیمەنی محەمەد و نەنکی (عەزیز) لەگەڵ خوشکەکەیدا، کە جوانترین دیمەنی فیلمەکەی مەجیدییە، ئەو دیمەنەی کاتێك خەریکی کۆکردنەوەی هێلکەکانن، کامێرا زۆر نەرم و لەسەرخۆ وەك سەماکەرێکی بالی دیمەنەکە تۆماردەکات، بەجۆرێك دەستی خوشکە بچکۆلەکەی محەمەد پیشاندەدات، کاتێك هێلکەکە دەداتە دەستی محەمەد و ئەویش ئەیداتە دەستی نەنکی و نەنکیشی ئەیخاتەناو سەبەتەی هێلکەکانەوە، کە حەز بەتەواوبوونی دیمەنەکە ناکەیت، لەم دیمەنەدا هەست بە پەیوەندیەکی پڕ لەچێژ و خۆشی نێوان ئەم سێ مرۆڤانە دەکەیت



ماڵەکە بەجێبهێڵێت لە ڕۆژێکی باراناویدا، مەجیدی لێرەدا و لە گەرمەی بردنی بینەر بەرەو تراژیدیا بینەر ئامادەدەکات، بۆئەوەی هۆگری هەبێت، تەنانەت بۆ سەبەبکاری تراژیدیاکە کە باوکی محەمەدە ، بە دیالۆگێك و شەرحی دڵێك، کە تا ئەو کاتە ڕایگرتبوو باوکی محەمەد ئازارە دەروونییەکانی و تێکرووخانەکانی خۆی بۆ دایکی باس دەکات و دەستدەخاتە سەر برینەکانی خۆی، بەڵام عەزیز لە بڕیارەکەی پەشیمان نابێتەوە و هەر دەڕوات، لەڕێگە ماسییەك ئەبینێت لەقەڕاخ ئاوەکە هەڵیدەگرێتەوە و ئەیخاتەوە ناو ئاوەکە، ماسیکەی گەڕاندەوە بۆ ناو ژیان، بەڵام بە ئاماژەیەك کە کەوتنی تەوقکەیەتی، کە محەمەد لە شارەوە بەدیاری بۆی هێنابوو بینەر ئامادەکرێت بۆ ڕووداوێکی تراژیدی کە پەیوەندی بەمحەمەدەوە هەیە. دیمەنێکی تر کە ئاماژە و هێمان بۆ روودانی تراژیدیا دیمەنی ریشتاشینەکەی باوکی محەمەدە، بەر لە هەر شت دیمەنی بەر لەم دیمەنەی ریشتاشینەکەی باوکی محمەد دیمەنێکی یەکجار زۆر دڵرفێن و و سەمیمی و روون و هارمۆنیکی هەیە، کە دیمەنی محەمەد و نەنکی لەناو سروشتدا، لەرێگەی قسە سادە و دیالۆگ و پرسیارە سادەکانی محەمەد و وەڵامەکانی نەنکی جیهانێکی بۆ خوڵقاندوین، کە حەزدەکەین تەواو نەبێت و ژیان جوان و سادە و روون، وەك ئەم دیمەنە سەوزە: رۆح و دەروونی سەوز و خاوێنی محەمەد و نەنکی پەلکێشماندەکات، کەچی دیمەنی دوای ئەمە دیمەنێکە، کە هەر لە چرکەساتی یەکەم دەرکەوتنی باوکی محەمەد، کە کامێرا لە بەرزاییەکەوە بەرەو خوارەوە شۆردەبێتەوە و وێنەی تەم و مژ و تاریك و ناڕوون و دەنگەکان لەو شوێندا پەلکێشی ناو مەترسییەك و دڵەراوکێکمان دەکات، تەنانەت یەکەم دیمەنی سەیرکردنی باوکەکە لە ئاوێنەکدا تەمومژاوی و ڵێڵە، هەموو جوڵە و وێنەی ئەم دیمەنە بەشێوەیەکی بیرلێکراوە و زۆر بەوردی ئیشی تێداکردوە، مەجیدی بۆئەوەی ئاسەواری ترس لەناو دەروونی بینەریش بەجێبێڵێت، وەك دەروونی باوکی محەمەد، کاتێك باوکی مەحەمەد دەست دەکات بە ریشتاشین یەکسەر دەنگە بارگاویبوو بەترسەکە دێتەگوێی و ئەوەندە دەترسێت، کە ئاوێنەکەی لە دەست بەردەبێتەوەو خۆی بریندارەدەکات بە گوێزانەکەی دەستی، کاتێك ئاوێنەکە هەڵدەگرێتەوە دیمەنی پارچەپارچەبووی دەمووچاوی باوکە دەبینین لە ئاوێنە شکاوەکەدا، کە حیکایەتی پەرتەوازەیی دەروونی و شەرە دەروونییەکانی ئەو لەگەڵ 'خوود'ەکانی ناوەوەی کە بەردەوام لە شەردان بەرجەستەدەکات، شکاندنی ئاوێنە لە زۆرێك لەنەریتەکان و کولتوورەکانی رۆژهەڵاتی ناوەراست ئاماژە و هێمایەکە بۆ ڕوودانی تراژیدیا، بەهەرحاڵ ئەم دیمەنە دیمەنی هەرە کاریگەر و بەهێزە بۆ نیشاندانی ترسی باوکی محەمەد لە دەغدەغە و هەراوهۆریاکانی شەری خۆویستیەك کەلەناوەوەدا خەریکە دەیخوات.

دیمەنێکی تر، لە دیمەنێکدا کاتێك عەزیز لەماڵەوە دانیشتووە و لەناکاو سەیری پەنجەرەکە دەکات، هاوتەریب مەجیدی دیمەنی محەمەدمان پیشاندەدات، کە لە نزیك دارتاشخانەکە نان بە مراوێکان دەدات، واتە عەزیز هەمیشە هەست و بینینی لای محەمەدە، کاتێکیش ڕوحی دەردەچێت محەمەد دەبینێت ، محەمەدیش بەچاوی دڵی و بەرکەوتە رۆحییەکانی هەست بە ڕۆشتنی دەکات، کاتێك عەزیز دەمرێت محەمەد ڕائەچڵەکێت بەدەنگی ئەو باڵندەیەیی هەمیشە بەئاگای دێنێتەوە و قسەی بۆدەکات، دوایی مردنی نەنکی، ئیدی محەمەد ەیچکات داوای ئەوە ناکات بگەڕێتەوە بۆماڵەوە.

دوای چەندرۆژێك لە مردنی نەنکیدا، باوکی محەمەد بڕیار دەدات محەمەد بگەڕێنێتەوە بۆماڵەوە، کەدواجار و لە دوا دیمەنە کۆتایەکانی فیلمەکەدا، محەمەد بەسواری ئەسپەکەی باوکیەوەو باوکی ئەسپەکە ڕائەکێشێت بەسەرپردێکدا دەڕۆن و لەناوکاو پردەکە دەڕوخێت و محەمەد و ئەسپەکە ئەکەونە ناو ئاوەکەوە، لەسەرەتادا باوکی ەیچ هەوڵێك نادات بۆ ڕزگارکردنی، بەڵام لەپرتاو گورگەکەی ناو خۆی دەکوژێت، کەدەنگی لەزۆربەی ئەو دیمەنانەدا

زمان لەم فیلمەدا زمانێکی سادە و لۆکاڵیە زمانی گوندێکی دوورەدەستی شارە و زمانێکی نەرم و لەسەر خۆیە بەگشتی لەگەڵ سروشت و دیمەنی لادێکەدا هارمۆنی هەیە. بەگشتی لەم فیلمەدا دەنگ زۆر بە وردی کاریتێداکراوە و بچوکترین دەنگمان گوێلێدەبێت، وەك ئەوەی کەئێمە لەرێگەی لەمسەکان و گوێی محەمەدەوە فیلمەکە ببینین، دەنگ زۆر سمبولێکە. شوێن لە فیلمەدا لادێیەکی دوورە دەستە و مجیدی سودی لەخەڵکی ئەماتۆر وەرگرتووە بۆ نواندن لە فیلمەکەدا

ئەهات، کە دەیویست کارەساتێك بەسەر محەمەد بێنێت. خۆیی هەڵدەداتە ناو ئاوەکە و شەپۆلەکان دەیبەن بەدوایی محەمەددا، تا دواجار هەردووکیان لە کەناری ئاوەکە دەگیرسێنەوەو دەنگی ئەوباڵندانەی کە هەمیشە محەمەد دەیدواندن ، باوکی خەبەردەکاتەوە و بەرە و لای محەمەد دەڕوات، تا بێت دەنگی باڵندەکان زیاددەبێت و دەنگی گورگەکەی ناو دەروونی باوکی چیتر نابیسرێت و لەگەڵ دەنگی باڵندەکاندا ڕووناکی لەدەستەکانی محەمەد ئەدات و پەنجەکانی وەك پێشتر کە لەگەڵ دەنگی باڵندەکاندا دەیجووڵاند، بۆئەوەی بزانێت ئەوان چیدەڵێن و لەزمانی ئەوانەوە درێژە بە گەڕانەکەی بەدوای خوایدا بدات. دیمەنی ڕووناکبوونەوەی دەستی محەمەد، بەجۆرێك کە دەڵێی خۆر لە پێستی خزاوە دیمەنی ئەوپەڕی ماجیگ ریالیزمبوونی فیلمەکەیە، دیمنەێك کە دەتوانرێت والێکبدرێتەوە، کەمحەمەد لەمسی خوا دەکات لە ڕووناکبوونەوەی دەستیدا.

ژانری ئەم فیلمەدراما خێزانییەو مەجیدی بەشێوەیەکی ماجیگ ڕیالیستی کاری تێداکردووە، واتە لەم فیلمەدا دیالۆگ کەمە و زیاتر چیرۆك و ناوەڕۆکی چیرۆکەکە بە وێنەو کۆدی زمانی دەگێڕدرێتەوە و لە ڕێگای نیشاندانی ئاو، دەنگی باڵندە، ماسی، دەنگی با..هتد پەیوەندیەکی خێرا و ڕاستەوخۆ لەگەڵ بینەر دروستدەکات، بەجۆرێك کاریگەری دەخاتە سەر بینەر، کە هاوکارمان دەبێت زیاتر تێگەیشتن لە چیرۆکەکە وەك لە دیمەنی محەمەد لەگەڵ نەنیکیدا، کاتێك بەناو باخچەکاندا دەڕۆن و گوێی لەدەنگی باڵندەکان دەبێت و بەنەنکی

دەڵێت: ئەوانە قسەئەکەن لەگەڵ یەکدا. محمد بەدرێژایی فیلمەکە بەگوێبیستی دەنگی باڵندەکان لەڕێگایی پەنجەکانییەوە، هەوڵدەدات لێیانتێبگات، و لەسەرەتاوە تا کۆتایی فیلمەکە دەنگی گورگەکەی دەروونی باوکی محەمەد هەیە و لە یەکەم گوێلێبون بینەر بەرەو ترسێك دەبات، کە کارەساتێك بەڕێوەیە.

زمان لەم فیلمەدا زمانێکی سادە و لۆکاڵیە زمانی گوندێکی دوورەدەستی شارە و زمانێکی نەرم و لەسەر خۆیە بەگشتی لەگەڵ سروشت و دیمەنی لادێکەدا هارمۆنی هەیە. بەگشتی لەم فیلمەدا دەنگ زۆر بە وردی کاریتێداکراوە و بچوکترین دەنگمان گوێلێدەبێت، وەك ئەوەی کەئێمە لەرێگەی لەمسەکان و گوێی محەمەدەوە فیلمەکە ببینین، دەنگ زۆر سمبولیکە. شوێن لە فیلمەدا لادێیەکی دوورە دەستە و مجیدی سودی لەخەڵکی ئەماتۆر وەرگرتووە بۆ نواندن لە فیلمەکەدا، بۆیە هەست بە پەیوەندیەکی ڕاستەقینەو ڕاستگۆیانە دەکەین لە نێوان کارەکتەر و ماتریاڵەکانی دەوروبەریاندا. گێڕانەوە لەم فیلمەدا کراوەیە ، کە کۆتایی چیرۆکەکە بەشێکی بۆ بینەر بەجێدێلێت. لەم فیلمەدا وێنە ڕۆڵی سەرەکی گێڕانەوەکەیە و لەڕێگای وێنەوە، بینەر دەتوانێت بەدوایی چیرۆکەکەدا بڕوات، دیمەنەکانی محەمەد هەمیشە دیمەنگەلێکن جوان و پڕ ڕەنگن، دیمەنەکان زۆر گرێدراوی کەسایەتیەکانن و لایەنی دەرونیان پیشاندەدات، دیمەن زۆر گرێدراوەی زمانە کۆدیەکەیە، کە دەنگی باڵندەکان و دەنگی گورگەکەیە. هەرکاتێك چیرۆکەکە بەرەو ترس و کارەسات دەڕوات و باوکی محەمەد پیشاندەدرێت، دیمەنەکان تێکدەچن و جوانیان نامێنێت. جوڵەی کامێرا لە دیمەنەکانی هزری محەمەدەوە دیمەنی وەستاو و جێگیرن و بینەر زیاتر جگە لە چیرۆکی فیلمەکە تابلۆیەکی هونەری پڕ ڕەنگیش دەبینێت. دواتر لە دیمەنی باوکی محەمەد دا کامێرا جوڵەی تەموو مژاوی و ناجێگیرن و بێڕەنگن، کە لە دەرون و بیری باوکی محەمەد نزیکن. ڕەنگ لەم فیلمەدا زۆر تێرە و هەموو دیمەنەکان پڕن و شادن وەك بەهارە سەوزی. مەجیدی ئەم کارەشی وەك ئەوانی تری ستایلێکی فیلمی سینەمای ئێرانی هەیە ڕیالیزمییەو گەڕانی محەمەد لە رێگەی دەستەکانییەوە بۆ بەرکەوتنی خوا هێمایەکە بۆ دەرخستنی تێما و کارکردنی سۆفیانەیە لەم فیلمەدا. مەجیدی نرخی سینەماگرافیکی دەست لەناو دیمەنەکاندا زۆر گرێدراوی شوێن و لە ئاستێکی زۆر بەرزدا ئیشی تێداکردوە.

لەکۆتاییدا دەمەوێت بڵێم کەەیچ دیالۆگێك و دیمەنێك بەزۆر نەخزێنراوەتە ناو فیلمەکەوە، بەڵکو دەرهێنەر زۆر بەهۆشیارییەوە تەونی چیرۆکەکەی کردوە، وەك تابلۆیەك کە تەنانەت سێبەرێك، بەتایبەت بچووکترین دەنگ لە فیلمەکەدا جێگای لێوردبوونەوە و تاوتوێکردنە و ناکرێت پشتگوێبخرێن، هەروەك دێلۆزی فەیلەسوفی فەرەنسی لەسەر هونەری فیلم راوەستەدەکات و بەووتەی ئەو فیلم کاتێك ئارتێکی نەمرە و دەبێتە ئارت، کە هەموو ماتریاڵ و ئەڵمێنتەکان بەهۆشیارییەوە دووبارەببنەوە لە وێنە و گرتەی جیاوازدا و کۆی ئەم دووبارەبوونەوانە پرس و چیرۆکی فیلمەکە پێکدەهێنن. پارادۆکسێکی گەورە و بەرچاو لە ڕێڕەوی فیلمەکەدا هەیە، ئەویش جوانترین و دڵرفێنترین دیمەنەکانی سروشت هاوتەریب لەگەڵ دونیای تاریك و بێدەنگی محەمەد، کە جیهانبینییەکی جوان و بەرکەوتنێکی جوانی هەیە لەگەڵ ئەو جیهانە ماتریاڵەی کە ئەو خۆی بەچاو نایبینێت، بۆیە بەرکەوتنی ئەو بەجیهانی دەرەوەری خۆی زۆر روحی و ئۆرگیناڵە و لەرێگەی دەستەکانییەوە، ئەمەش وایکردوە مرۆڤ پەلکێشی شوێنە قوڵەکانی دەروون بکات، شوێنگەلێك کە بەچاو نا، بەڵکو بەرۆح و خەیاڵ و لەمس دەبینرێت.